پەیامی خەڵک

*خانوویەک لایەن پەروەردەی چەمچەماڵەوە بۆ قوتابیانی گەڕەکی شەهیدان ژمارە (٦٩) بەکرێ گیراوە ، بەڵام مندالانی لەقوڕ رزگار نەکردووە، بستێ چەوریژو خزمەتگوزاری بۆ نەکراوە، سەرباری ئەوەش لەبەر بچوکی بیناکە بۆ قوتابخانە ناشێ.

دیار. نەوزاد

* لە چەمچەماڵ گەڕەک هەیە ئاوو کەرەبای زۆر باشیان هەیەو گەڕەکی واش هەیە چوار بیر بەرگەیان ناگرێ.

دونیا. ن

*بەنزین بە (٣٠ هەزار) بوو کرێی سەیارەو سەرجەم بازاڕ گران کرا، کەچی ئێستا بەنزین بە (٥) هەزارەو نرخەکان هەر بە گرانی ماونەتەوە.

شۆفێرێک

* قەزایەک کە ١٥ ساڵە حوکمی خۆماڵی دەکرێت ، مزگەوتێکی بەناوی (شەهید عەلی عەسکەری) تیابینا کراوە، بەڵام ئەوە پێنج ساڵەو تەواوی ناکەن و وازیان لێ هێناوە، دەبووایە لەبەر خاتری ئەو ناوە پیرۆزە پشت گوێ نەخرایە.

کەسێکی نەناسراو

* فەرمانبەر هەیە ماڵی لە کوردستانەو فۆرمی خۆراکەکەی لە کەرکوکە، کەچی نەوتەکەی ئەمساڵی لەخەتەری فەوتانە، چونکە کرێی هێنانەوەی گرانەو لە کوردستانیش نایاندەنێ.

پ . هێرش

* گەڕەکی وا لە شاری هەولێر هەیە تا ئێستا دووەم جارە نەوت وەردەگرێ ،گەڕەکی واش هەیە هێشتان جارێک وەرینەگرتییە.

هەولێریەکی بێ نەوت

گەنجان داوای پەساپۆرت دەکەن

شاناز

لە کوردستان بۆ یەکەمین جار بەرێوبەرایەتی پاسپۆرت مانەوە کرایەوە، ئەمەش بووە مایەی دڵخۆشی هەموولایەک چونکە دەتوانرێ بائاسانی پاسپۆرت بەهەموو کوردێک بدرێت،ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەی گەلەکەمانە. ماوەیەکی زۆرە هاوڵاتیان سەرگەرمی پاسپۆرت وەرگرتن بوون، زۆرکات خۆیان لەئیش و کاردەکرد، ئومێدێکی زۆریان بەو پاسپۆرتە هەبوو. هەرکاتێ بیان ویستبایە زۆر بەئاسانی گەشتی خۆیان پێ دەکرد. رۆژانە بەسەدەها ژن و پیاو منداڵ و گەنج، لەبەردەم بەرێوبەرایەتی پاسپۆرت و مانەوە دا ریزیان بەستبو لەکاتێکدا وای لێهات ئەو بەرێوبەرایەتیە بەهۆی زۆری کارەکانیانەوەو خواستی هاوڵاتیان بۆ پاسپۆرت وەرگرتن، بێ ماندوبون بەردەوام بەیانیان و ئێواران بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی هاوڵاتیان لەکاردابوون. زۆرینەی هاوڵاتیان سوود مەندبوون لە پاسپۆرت وەرگرتندا بەتایبەتی گەنجان، ئەمەش بووە هۆی کارئاسانی بۆ گەنجان و ڕۆشتن و کۆچ کردن بەرەو هەندەران. ئەم کۆچ کردنە زیاتر بووە مایەی سەرنجی هاوڵاتیان و بەرپرسانی حکومەت بەتایبەتی، بۆیە ڕاستەوخۆ بەبڕیاێکی حکومەت بڕیار درا پاسپۆرت نەدرێتە گەنجان ئەمەش نیگارانییەکە بۆ گەنجان، چونکە لە کۆچ کردنیان ئاسان کاریان بۆ ناکرێ. سەبارەت بەو مەسەلەیە لەمیانی چاوپێکەوتنێکماندا، لەگەڵ بەڕێز مقەدەمی یاسایی (سالح عوسمان خدر) جێگری بەرێوبەری پاسپۆرت و مانەوەی سلێمانی، پرسیارمان ئاراستەی بەڕێزی کرد:

* هۆی چیە ئێستا بەئاسانی پاسپۆرت نادرێتە هاوڵاتیان بەتایبەتی گەنجان؟

*ئێستا پاسپۆرت بە کێ دەدەن؟

*کەسانێک هەن بەپارە پاسپۆرت دەدەنە هاوڵاتیان، ئەو حاڵەتە چۆن دەکرێ؟

* دیاردەی تەزویرات چۆن دەبینی؟

*دواوتەت بۆ گەنجان و هاوڵاتیان و ڕۆژی گەل چییە؟

ئەویش بەڕێزەوە وەڵامی داینەوە:

ئێمە وەک بەرێوبەرایەتی پاسپۆرت و مانەوە، بەبێ بەرچاو گرتنی ڕەگەزی، بەردەوام پاسپۆرت دەدەینە هاوڵاتیان. بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرێوبەرایەتی پاسپۆرتی بەغداد، بڕی تەواوەتی پاسپۆرت نادات لەگەڵ جاران جیاوازی زۆرە. بۆیە ئێمە ناچارین ئەو پاسپۆرتەی پێشتر دەماندایە هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی، ئێستا گۆڕانکاریمان تێداکردووە ئەویش بەو شێوەیە، هەر هاوڵاتییەک لەهەر تەمەنێکدابێت ئەگەر سەفەر نەکات پاسپۆرتی نادەینێ لەبەر ئەو هۆکارە. هەروەها لە قانونی پاسپۆرتا ئاماژە بەوە نەکراوە کە پاسپۆرت نەدەنە گەنجان، تەنها ئەو هۆکارەیەو بەس ئێستا زیاتر پاسپۆرت بەو کەسانە دەدەین، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی دەچنە دەرەوەی وڵات، دەعوات نامەو شاندی حکومەت و بازرگانەکان، ئەو خوێندکارانەی بۆ خوێندن دەچنە دەرەوەی وڵات ئەو کەسانەی کە دڵنیاین سەفەر دەکەن. بە دڵنیاییەوە هەرکاتێکیش پاسپۆرتی تەواومان بەدەست گەیشت لەلایەن بەغدادەوە ئێمە دەستمان شل دەکەین کە زۆرینەی هاوڵاتیانی سوود مەندبن. جەوازکردن بەپارە لای ئێمە زۆر دەگمەنە، ئێمە بەشی بەدواچوونمان هەیە خەڵکانی دڵسۆز لەپشتمانن، هەرکارێکی لەو جۆرە بێت لێ کۆڵینەوەی لێ دەکەین، تەقدیم بە داگا دەکەین. هەروەها حاڵەتی وا ڕوویداوە تەقدیم دادگا کراوەتەوە. ئەم کارە زۆر بەربڵاوە، هەندێ کەس وەک دەڵاڵ بەپارە دەنێرن بۆ بەغداد، لەوێ تەنسیق دەکەن لەگەڵ مشەخۆرو پارە خۆر بەرامبەر بەچەند دۆلارێک، ئەوانیش بەپارە پاسپۆرت و زۆر جار قیزەشی لەگەڵدایە ،بۆیان دەکەن. بەڵام بەڵنیاییەوە کێشەیان بۆ دروست دەبێ، چونکە کەسێک خەڵکی سلێمانیەو پاسپۆرتەکەی دەرچووی بەغدادە، بێ گومان توشی لێ کۆڵینەوە دەبێت و دەزانرێ بە پارە کراوە. دیاردەی تەزویرات لەهەموو وڵات و شوێنێکدا هەیە، ئێمە چاومان کراوەیە بۆ دەسگیرکردنی ئەو کەسانەی کاری لەو جۆرە دەکەن و سزای یاسایی دەدرێن.دوا وتەم ئەوەیە، ئەو کۆچەی لاوان دەرۆن و ناگەرێنەوە کاریکی باش نییە پێم باشە هەموو گەنجێک بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئەوروپا ببینێت هەندێ شتی باشی لێوە فێردەبن دواتر بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان لێرە کاری باشەی جێ بەجێ بکەن. گەنجان گەوهەری بەنرخن بۆ وڵات ئەگەر ئەوان وڵات بەجێ بهێڵن ئەوا دوا ڕۆژی وڵات تاریک دەکەن ئێستا ئەوان دەتوانن وڵات بگۆڕن بۆ ئەو وڵاتانەی کەخەونی پێوە دەبینن، لەکاتێکدا بێت هەرگیز دڵیان نەیەت وڵات بەجێ بهێڵن. لەگەڵ ڕێزو سوپاسم بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل.

دیاردەی کۆچکردنی لاوان بۆ هەندەران وەک ساڵانی پێشووی لێهاتۆتەوە، جگەلەوەی لەبەر گرانی و بێ بەرنامەی حکومەت، بێزاربون لەدەست نەبوونی خزمەت گوزاری. ئێستا بەهۆی بائاسانی وەرگرتنی پاسپۆرت و یاخود کڕینی و پاسپۆرت و قیزەوە، کارئاسانی زۆر بۆ لاوان کراوە چونکە هەرکاتێ بیانەوێ سەفەری خۆیان بکەن زۆر بەئاسانی دەرۆن هەروەها هیچ مەترسیەکیان نییە لە وڵاتانی دراوسێ و ئەو وڵاتەی بۆی دەرۆن، چونکە پاسپۆرتی ڕەسمی وڵاتی خۆی پێیە. هەروەها جگە لەو باسانەی سەرەوە، ئەو گەنجانەی دەرۆن بۆ هەندەران و بەڕاست و درۆ باسی خۆشی هەندەران دەکەن، والە گەنجان دەکەن زیاتر تامەزرۆی ژیانی ئەوروپابن، وایان لێهاتووە بەهەرشێوەیک بێت ڕێگەی هەندەران بگرنەبەر ئەمەش هۆیەکە کەزیاتر پەنا بۆ پاسپۆرت وەرگرتن و کڕینی پاسپۆرتی تەزویرو قیزە بەپارەیەکی زۆر بەهۆی کۆچ کردنی لاوانەوە حکومەت ناچار دەبێ بڕیاری کۆچ کردن قەدەغە بکات، کارئاسانی لەپاسپۆرت پێ داندا نەکەن ئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی گەنجان و ئەوانەی کە نیازی کۆچیان هەیە بەتایبەتی، ئایا لەم کاتەدا حکومەت هیچ ڕێ وشوێنێکی داناوە بۆ دابین کردنی ژیانی گەنجان. ئایا ئارەزوی پێ داویستیەکانیان وەک ئەوروپا بۆ جێ بەجێ دەکات، بێ گومان هەرگیز خەڵکی لەو باوەڕەنین باشترواية ڕێگری گەنجان نەبن. لەکاتێکدا گەنجان نارەزایی دەردەبڕن خۆپیشاندان دەکەن، داوای مافی میللەت دەکەن، داوای نەمانی چرای نەوت و سوچی ژورە ساردەکان و فڕەی ئاشە تەنورەی مۆلیدەی ماڵە دەوڵەمەندەکان و ئاوی تەنکەرو کارکردن بەمندالان دەکەن. حکومەت زۆر بەئاسانی لەجیاتی دابین کردنی مافەکان و جێ بەجێ کردنی داواکارییەکانیان دەسگیریان دەکەن، سزاو ژیانی بەندیخانەیان بۆ دابین دەکەن.

هەر بەمەبەستی نارەزایی لاوان بارامبەر پێ نەدانی پاسپۆرت پرسیارمان ئاراستەی ئەو گەنجانە بەڕێزانە کرد.

* هۆی چی یە بەئاسانی پاسپۆرتان پێ نادرێ؟

* ئایا دەتەوێ بەهۆی پاسپۆرتەوە چی بکەیت؟

*کاتێ پاسپۆرتان بۆکرا بەنیازی چی بکەیت؟

دیلمان بەکر: ئێستا پاسپۆرت بۆ گەنجان زۆربە دەگمەن دەدەن، پێمان دەلێن دەڕۆن وڵات چۆڵ دەکەن.بەهۆی پاسپۆرتەوە سەفەر دەکەم و کار ئاسانیم بۆ دەکرێ، بەهۆی پاسپۆرت و قیزەوە کەس ڕێگرمان نابێت تا دەردەچین. خوا دەکا پاسپۆرتم دەدەنێ کەڕۆیشتم تا هەندەران ناوەستمەوە.

ئاری جەمال: بەرێوبەرایەتی پاسپۆرت بەپێی مەرج پاسپۆرت دەدەن، منیش ئەو مەرجەم تێدانیە بۆیە نایدەن پێم. بەنیازی ڕۆشتنم دەمەوێ بەهۆی پاسپۆرتەوە لەهیچ شوێنێ ڕێگرم نەبێت. کاتێ پاسپۆرتمان بۆ دەکرێ، ئەگەر سەفەریش نەکەم هەر دڵم پێی خۆشە چونکە خۆم بەهاوڵاتییەکی پلە یەک دەزانم..

باشترواية هەر هاوڵاتییەک لەهەر تەمەن و ڕەگەزێکدابێت پاسپۆرتی خۆی هەبێت تالەکاتی گونجاوداگەرشتی خۆی بەئاسانی بکات. بێگومان بەرێوبەرایەتی پاسپۆرت، بەپێی بڕیارەکانی خۆی هیچ کات درێغی لەهاوڵاتیان نەکردووە بەپێی پێویست پاسپۆرتی پێ بەخشیون. بەڵام لەکاتێکدا گەنجێک یان هاوڵاتییەک کەهیچ پێویستی بەپاسپۆرت نیە و سەفەرناکات یاخود بۆی ناگونجێ، باشترواية داوای پاسپۆرت نەکات. تاکاتی گونجاو چونکە ماوەی پاسپۆرتەکەی بەسەر دەچێ و هیچ سودێکی بۆ ئەونیە، باشترواية کاتی پێویست وەری بگرن و سودی لێ ببینن.

هەڵوێستی حکومەتی کوردستان بەرامبەر بە بڕیاری دادگا، لەئاستی تاوانەکانی ئەنفال، هەڵەبجە و کۆمەلکوژیەکانی تری گەلی کوردا نییە

هەڵویستی حکومەتی کوردستان جگەلەوەی ڕوون نییە، لە ئاستی حکومەتێکیش نییە کە خۆی بە خاوەنی دۆسییەی کارەسات و کۆمەلکوژییەکانی ئەنفال و هەڵەبجە، بالیسان و شێخوەسانان، گۆپتەپە، سەردەشت، بارزانییەکان، پاکتاوی فەیلیەکان، بەعەرەبکردنی یەزیدیەکان و تاوانەکانی تر بزانێت.

وتەی سەرۆک کۆمار و بەرپرسانی دیکەی کورد، کۆمەڵێ تەمومژ و پرسیار لەخۆیان دەگرن و بەتایبەتی گرنگی نادەنە دواخستنی جێبەجێکردنی سزای کوشتنی سەدام. ئەوان تەنها ئاماژە بە بەردەوامی دادگاییەکە دەکەن و گشتگیرانە ئاماژە بە سزادانی تاوانباران دەکەن. ئاسوودەیی خۆیان بۆ سزای سەدام لەسەر تاوانی دوجەیل دەردەخەن، لە کاتێکدا تاوانی دوجەیل زۆر لەو تاوانکاریانە بچوکترە کە سەدام و ڕژێمی ئێراق دژی گەلی کورد ئەنجامیان داوە. بەزانینی ئەوەی لە ئەگەری کوشتنی سەدامدا، سەدام لەسەر تاوانکاریەکانی کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامی داوە ناتواندرێ دادگایی بکرێت و تاوانبار بکرێت. ئەوان وای دەردەخەن لەگەڵ جێبەجێکردنی کوشتنی سەدامن، بەرلەوەی دۆسییەی کارەساتەکانی دیکەی گەلی کورد بێتە دادگا. ئەوەش پرسیاری گەورە لە بەرامبەر نوێنەرایەتی ئەوان دروست دەکات.

ئێمە ئەو هەڵویستە تەمومژاوی و لاوازە ڕەتدەکەینەوە و پێمانوایە دەبێت دەسەڵاتی کوردی هەڵویستی خۆی بەڕوونی لە ئەگەری لە سێدارەدانی سەدام بەرلەوەی تەواوی دۆسیەکان تەواو ببن، ڕابگەیەنێت. هەروەها ئەگەر سەدام زوو لە سێدارەدرا ئەوان هەڵویستیان چی دەبێت.

ناوەندی چاک

٢٠٠٦,١١,٠٧

کاربەدەستان کەمتەرخەمی بەسە!

دوای ئەوەی لافاو زیانێکی گەورەی بە کوردستانیان گەیاند. دەیان خانووی وڵاتیانی ڕوخاندو گیانی ژمارەیەک مرۆڤیشی چنی ، پەرلەمانی کوردستان بە پرسە نامەیەک ئاوڕی لە بنەماڵەی لافاولێدراوان دایەوە . هەرچەندە دەنگۆی ئەوەش بڵاوبۆوە کە حکومەتی هەرێم نیازی هەیە قەرەبووی زیان لێکەوتووانی گوندی بلێ بکاتەوە . ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاکاری لەنێوان زیانلێکەوتوان دەکرێ و هەموو خەڵکە زیان لێکەوتووەکان ناگرێتەوە .

هەر بەوهۆیەوە پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا لیژنەیەک پێکبهێنێ و زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەرێمی کوردستان ناونووس بکەن و قەرەبوویان بکەنەوە . خەڵکی لەسەرێکەوە بەو بڕیارەی حکومەتی عێراق دڵخۆشن لە سەرێکی دیکەشەوە خەمناکن . خەڵک دەیانەوێ لە کاتی تەنگانەدا حکومەت بە هانایانەوە بچێ و بیانپارێزێ و قەرەبوویان بکاتەوە . کاتێ حکومەتی هەرێم بە خەمساردییەوە ئاوڕ لە زیان لێکەوتووان دەداتەوە، خەڵک ناچارە سوپاسی پەرلەمان و حکومەتی عێراق بکات و ڕەخنەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێ .

خەڵکی کوردستان بە ئاواتن کە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان تەواوی خەڵکی کوردستان بە هاونیشتمانی پەسند بکات و جیاکاری لە نێوانیاندا نەکات ، بەڵام ئەزموونی ١٥ ساڵەی حکومەتی هەرێم وا خەریکە ورده ورده ئەو ئاواتە لەژێرگڵ دەنێ .

حکومەتی هەرێم نەک لەلایەن حزبە دەستەلاتدارەکانەوە پاوان کراوە ، بەڵکو دوای هەزاران سۆز و بەڵێن هێشتا هاوێرکاری و جیاکاری لە نێوان ئەندامانی لایەنە دەستەلاتدارەکان و خەڵکی ئاسایی دەکات . ئەو جیاکاری و هاوێرکارییە ئاکامی خراپی لێکەوتۆتەوە ، لەلایەکەوە لاوانی کوردستان بە ناچارییەوە سەری خۆیان هەڵدەگرن و وڵات جێ دەهێڵن . لە لایەکی دیکەشەوە حکومەت وەکو جاران کەمتەرخەمەو بیر لە بژێوی خەڵک ناکاتەوە . دەنا چۆن دەبێ لیتری بەنزین لە شاری بەغدادی پڕ تەقینەوە ٢٥٠ دینار بێ و لە شارەکانی کوردستانیش ٧٠٠ دینار . شارەکانی کوردستان لەئارامی و ئاسوودەییدا دەژین ، بەڵام بازرگانان بێپەروا درێژە بە چەوسانەوەی خەڵک دەدەن و بەبێ هۆ نرخی کەل و پەل بەرزدەکەنەوەو گرانی دادەهێنن . خەڵک دەڵێ : یان تەواوی بازاڕی کوردستان هی بەرپرسەکانە یان بازرگانەکان پشکی گەورە لە قازانجەکانیان بە بەرپرسەکان دەدەن ، بۆیە کەس ئاوڕ لە بازاڕ ناداتەوە !!

کۆچی لاوان بۆ هەندەران بچووکترین وەڵامە کە لاوان بە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی دەدەنەوە و ناڕاستەوخۆ پێیان دەڵێن : ئەوە ئێمە لە داخی ئێوە سەرهەڵدەگرین و بەرەو دۆزەخ دەڕۆین ، ئێوەش سەروەت و سامانی وڵات کەلەکە بکەن و ڕەوانەی بانکەکانی وڵاتانی ئەوروپایان بکەن !!

من وەک کوردێک پڕ بە گەروم هاوار دەکەم و دەڵێم : کاربەدەستان بەسە ، کەمتەرخەمی بەسە ! ئیتر ئاوڕ لە هەژاران و نەداران بدەنەوە ، جیاکاری و هاوێرکاری مەکەن ، تەنیا جارێک بەچاوی یەکسان لە خەڵکی کوردستان بڕوانن .

شاڵاو گەرمیانی

ئەم ستونە ١٠ ڕۆژ دەبێ کەوتووەو شارەوانیش نەچووە بەلایەوە

وێنە: ڕۆژگار